# فدراسیۆن له بەردەم ئەرکێکی گەورەو ئینسانیدا

**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

فدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی یەکێکە لەو ڕێکخراوە جەماوەرییانەی کە کەم کەس هەیە لەکوردستان و لەدەرەوەی وڵات ناوی نەبیستبیٚ، بە یەکێك لەکارەکانی یان بەگۆشەیەك لە هەڵسوڕانی ئاشنا نەبێت و نەزانی چ ڕێکخراوێکی ئینسانی و جەماوەرییە.

فدراسیۆن ئەو ڕێکخراوەیە کە بێگوێدانە ئینتمای سیاسی و حزبی و فکری و دینی و مەزهەبی قەومی .......بۆتە سەنگەری بەرگریکردن لەپەنابەرانی عێراقی و مافەکانیان، بۆتە زمانحاڵی واقعی کێشەکانیان، بۆتە کلیلی کردنەوەی گرێکوێرەکانیان و بۆتە سەکۆی دەنگ هەڵبڕینی ئەو ئینسانانەی داوای ژیانێکی ئینسانی دەکەن، بۆتە بڵنگۆی ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی ڕێکەوتنە ژێر بەژێرەکان لەدژی پەنابەران.

بۆ ڕاپەراندنی کارو ئەرکە ئینسانیەکانیشی بەسەدان ئاکسیۆن، کۆبونەوە، سمینار و کۆڕ و میزگرد، پەیوەندی گرتن، بەیاننامەو ڕاگەیاندن و بڵاوکراوە ..... بەکورتی یەکەی بەسەدان و هەزاران چالاکی جۆراوجۆری ئەنجام داوە.

فدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی وەکو سەکۆی بەرگریکەر لەوئینسانانەی لەئاکامی نائەمنی و سیاسی ئابوری کۆمەڵایەتی و یاسایی، ناچاربوون شوێنی ژیان و وڵاتی خۆیان بە جێبهێڵن دەرکەوتووەو ئەوەی لەدەستی هاتووەو لە تواناییدا بووە لە وەڵامدانەوە بە کێشەی پەنابەراندا درێغی نەکردووە، ئەمە وای کردووە فدراسیۆن ببێتە جێگای ئومێدی بەکردەوەی سەدان و هەزاران لاوو خێزانی تازە هاتوو بۆ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستورالیا،.........ماندوبوونی بێدرێغی هەڵسوڕاوانی فدراسیۆن و نەخشەیەکی ئینسانی کەپێی پابەندبووە، لەسەروی هەموشیانەوە مامەڵەی ئینسانی لەگەڵ پەنابەران و کێشەکانیان، بێئەوەی ئەوەی بۆ پرسیار بێت بیروباوەریان چی یە، سەر بەکام حیزبی سیاسیین، چ دینێکیان هەیە، بە کوردی یان عەرەبی قسەدەکەن، بە پیر داواکانیان، کێشەکانیان، پێداویستیەکانیان، ڕۆشتووە. بۆ بەدەستێهنانی مافی پەنابەرێتی ڕێکیخستون، دادوەری بۆگرتوون، شوێن پەیداکەر بووە بۆ بێشوێنەکان، یەکگرتووکردن وکۆبونەوە لەدەوری یەك، ڕێپێوان وکۆبونەوە، بۆبەردەم دەزگا پەیوەنیدارەکان، یەخە گرتنی دائیرەی کۆچ، یوئین و وەزارەتی ناوخۆی وڵاتەکان، ....لستێکی درێژن لەوچالاکیە بەرچاوو حاشا لێنەکراوانەی لە فدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی وەشاوەتەوە. لەئاکامی ئەم چالاکیانەشدا بەسەدان پەنابەر مافی پەنابەرێتیان وەرگرتووە و وەڵامی کێشەکانیان وەرگرتۆتەوە.

ئێستاش کە بەشێکی زۆری عێراق نوقمی چەکو میلتاریزمی سوپای ئەمریکاو هێزەکانی بەناو حکومەتی عێراقە، نوقمی دەسەڵاتی میلیشیایی دەستەو تاقمی ئیسلامی و بنلادنی و سەدری و ئیرانی و سعودی سوری و بەعسی لەدەسەڵات خراوە، لەزوربەی عێراقدا شیعەبوون و سونی بوون یانی سەربرن و ئەتککردن، کورد بوونیش لەهەرکام لەو ناوچانە دیسان بەمانای مەرگ و لەهەموو ئەوانەش واوەتر مانەوەی فیزیکی بۆ زوربەی زۆری خەڵکی بۆتە ئاواتێکی وەدی نەهاتوو، ڕۆژانە جەستەی سەدان کەس لەگەورەو بچوك لەگەڵ پارچەی سەیارەو خاك وخۆڵ و داروبەردو بلۆك و ئاسندا جەستەیان بەئاسماندا دەچێت یان کەم ئەندام ئەبن و تادنیا هەیە بە نیوە ئینسانی دەمێننەوە. یانیش شەوانە جەستەیان کونکون دەکرێت و لە گۆشەو کەناری شارەکاندا فڕیدەدرێن. لەکوردستانیش نادیاری ئایندەی سیاسی و نەبونی حکومەت و دەوڵەت و یاساو ڕێسای حکومی و وڵاتی و لەوانەش واوەتر هەڕەشەی لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقی ئیسلامی و قەومی و بە شەڕوکوشتاری تایفی یەوە. هەڕەشەی وڵاتانی دراوسیٚ، هەڕەشەی پەرەسەندی دیاردەی تەقینەوەو نائەمنی و ترسی سەرهەڵدانی شەڕی قەومی و .......لەپاڵ بەبارمتەگرتنی پاروی دەمی خەڵك و بەستنەوەی و کاردەستکەوتن و دامەزراندن بەدەسەڵاتی یەکیتی و پارتی یەوەو لەپاڵ هەڕەشەی ئیسلامیەکان و .......ئەو هەلومەرجە نائەمنیە کە هەرکەسێك باسی ئارامی و ئاسایشی عێراق بکات لەبەسرەوە بۆ زاخۆ بە ئەندازەی بەرینایی ئەم سەرەوسەری عیراق درۆو فریوکاری دەکات.

فدراسیۆن لە هەلومەجێکی زۆرتایبەتی عێراق و ناوچەکەدا، و لەکاتێکدا کە بەلێشاو خەڵکی لەوانەش زورترینیان لاوان ڕوودەکەنە وڵاتانی ئەوروپا ڕوبەڕووی ئەرکێکی گەورەیە، بەتایبەتیش کە سەرجەم حیزب و لایەنە قەومی و دینی و میلیشاکانیان و بەرەی ڕاستی نۆکەری ئەمریکا" لەگەڵ ئەوەدا کە میدیای بەکرێگیراویان ڕۆژانە ئاماری کوشتارو وتەقینەوەکان، سەربڕین و شەڕە تایفی قەومیەکان، بۆمبارباران و هەڕەشەی وڵاتەکان بڵاودەکەنەوە" کەچی بێشەرمانە باسی ئارامی و ئاسایش دەکەن و مژدەی عێراقی دیموکراتی و سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا پەخش دەکەن. چ بێشەرمیەکە.

فدراسیۆن که لەدڵی وەها هەلومەرجێکدا خەریکی بەرپارکردنی یەکەم کۆنگرەی خۆیەتی، زۆر ئەرکی گەورەی جەماوەری وئینسانی و ڕێکخراوەیی ڕوبەڕوویەتی، کۆنگرە لە ڕیگای وەڵامدانەوە بەم ئەرکانەی سەرشانیدا دەتوانێ پێبنێتە قۆناغێکی تایبەت و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت و لەهەمیشە زیاتر ببێتە ئامرازی ڕێکخستنی پەنابەران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و سەنگێکی گەورەتریش لە ئاستی دنیادا بەدەست بهێنێت.

چ هەڵسوڕاوانی فدراسیۆن و چ خەڵکانێك که فدراسیۆن بەدەربەستانە پشت و پەنایان بووە، پێداگری لەسەر ئەو ڕاستیە ئەکەن کە فدراسیۆن شانسی بوون بە هێزێکی زۆر گەورەتری کۆمەڵایەتی و ئینسانی هەیە، بەڵام ئەمە پێویستی بە نەخشەو پلاتفۆرمێکی ڕۆشن هەیە کە وەڵامدەرەوەی ئێستایی کێشەکانی پەنابەران بێت.

پلاتفۆرمی فدراسیۆن بۆ دەورەی دوای کۆنگرە کێشەی پەنابەران تەنها بە وەرگرتنی ماف پەنابەریتی تەماشاناکات، بەڵکە لەکاتێکدا کە زۆر بەدەربەستانە خەریکی وەرگرتنی ماف پەنابەرێتی یە، هاوکات لەبەرامبەر دەیان کێشەی پەنابەراندا لەوانە کێشەی خوێندن ، کێشەی بێجێگاو ڕێگایی، کێشەی یاسایی، کێشەی منالاّن و ژنانیان، کێشەی بەریەککەوتنی کەلتورەکان.....دەیان کێشەی تر کەم تا زۆر پەیوەندیان بە کاری فدراسیۆنەوە هەیە، ڕوبەرووە.

هەروەها کێشەی پەنابەران تەنها کێشەی ئەو پەنابەرانە نییە کە ماف پەنابەرێتییان نییە، بەڵکە کێشەی پەنابەران کێشەی ئەو پەنابەرانەشە کە ماف پەنابەرێتیان هەیە، کەم نین ئەو پەنابەرانەی کە سەرباری ئەوەی لەماف پەنابەرێتی بەهرەمەندن بەڵام ڕوبەرووی دەیان کێشەن لەوانە مەسەلەی دابڕاوی لە کۆمەڵگا، کێشەی کەلتور، مامەڵەی ناتەندروست لەگەڵ منالّ و ژناندا، تادەگات بەکێشە زمان .......

کاتێك باسی پەنابەران دەکەین لەکاتێکدا کە تەنها مەبەستمان پەنابەرانێك نییە کە داوای ماف پەنابەرێتی دەکەن و بەڵکە مەبەستمان تەواوی پەنابەرانە بەوانەشەوە کە لە ماف پەنابەرێتی بەهرەمەندن، هاوکات باسی پەنابەر باسی مجەرەدی تەنها لاوانێك نییە کە تەنهان، بەڵکە باسی خێزانی پەنابەرانە، باسی کێشەی پەنابەرانە لەگەڵ ناڕەزایەتیەکانیان، باسی پەنابەرانە بەوێنەی کائینێکی زیندوی پەیوەندیدار لەگەڵ کەس و کاریان و ئەو کێشەو مەسەلانەی لەو وڵاتانەی لێوەی هاتوون، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی ئێستا لەگەڵی ڕوبەروون، لەگەڵ شێوە ژیانی تازە، کەلتوری تازە، پەیوەندی و شێوەی کاری تازە، یاساو فەرهەنگ و ماف تازە....

فدراسیۆن لەگەڵ هەموو ئەمانە بەرەو ڕووەو ئەگەر بریاربێت لەو ڕاستایەدا و لەو مەوقعیەتەدا خۆی ببینێت کە دەبێ وەڵامدەرەوەی هەموو ئەم کێشە تازانە بێت، بێگومان شێوەی ڕێکخراوەیەکەیشی پێویستی بەگۆڕانە.

هەموو پلاتفۆرم نەخشەیەکی دیاریکراو پێویستی بەشێوازو سونەتێکی کارو جۆرێك لەکاری ڕێکخراوەییە، بۆیە فدراسیۆن ڕوبەرووی ئاڵوگۆرە لەپەیکەرەو ساختاری ڕێکخراوەیشیدا چ لەسەر ئاستی فدراسیۆن بەگشتی و چ لەسەرئاستی هەڵسورانی فدراسیۆن لە وڵاتەکاندا.

بۆیە فدراسیۆن لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیش ئەبێت قەدو قیافەیەکی تازە بەخۆی بدات، ئەبێت مەودای چالاکی بەرینایی هەڵسوڕان و مەحبوبیەتێك کە تائێستا بەدەستی هێناوە، جووتی بکات لەگەڵ ڕادەی ڕێکخراوبوون وساختارە ڕێکخراوەیەکەی بۆئەوەی بتوانێت وەڵامدەرەوەی سەرجەم کێشەکانی پەنابەران بێت. سەروکەللەی فدراسیۆن لەسەرئاستی سەراسەری و لەسەرئاستی وڵاتەکان وشارەکان، ئەبێت زۆر ئاشکراو ڕوون بێت، بەئاسانی خەڵکی پەنابەر دەستیان پێیان ڕابگات، بتوانن زوو کێشەکانی خۆیانیان پێ بگەیەنن.

فدراسیۆن پێویستی بە بڵاوکراوەی مەنەزم و پرتیراژ و ماڵپەری مۆدیرنە، کەبتوانێت کێشەکانی پەنابەران لەخۆیدا عەکس بکاتەوە، ناڕەزایەتیەکانیان بەڕای گشتی دنیا بگەیەنێت، وەڵامی فریوکاری و پروپاگەندەی دەسەلات لەپەیوەند بە ئاسایش و ئارامی و هەڵویستی نادروست و مامەڵەی نائینسانی وڵاتەکان بداتەوە کە پێشێلی سەرەتاییترین ماف ئینسان دەکەن بە خۆدزینەوەیان لەدانی ماف پەنابەرێتی، وە وەسیلەیەك بێت بۆ ڕێکخستنی پەنارابەن، سەکۆیەك بێت بۆ وەڵامدانەوە بەکێشەکانیان، و پەیوەندی پەنابەران بەکێشەکانیانەوە بەناڕەزایەتیەکانیانەوە بە کۆمەڵگاوە عەکس بکاتەوە. لەوانەش واوەتر فدراسیۆن بتوانێت ئەم بڵاوکراوەیە بکاتە پردی پەیوەندی ئێرەی شوێنی تازەی پەنابەرو ئەو وڵاتەی لێوەی هاتوون.

لەکۆتاییدا لەگەڵ ئەوەدا کە هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی فدراسیۆن ئەخوازم و هیوادارم بەدەستکەوتی گەورە بێتە دەرەوە، هاوکات بانگەوازی سەرجەم پەنابەران" بەوانەوە کە ماف پەنابەرێتیان هەیە ئەوانەش کە لەچاوەروانی ئەم مافە سەرەتاییەدان" بەشداری لەم کۆنگرەیەدا بکەن و نەخشی خۆیان لەبەسەرکەوتن گەیاندنیدا بگێرن.

2007-08-21